# گەورەترین بەڵاو فیتنە لەسەر خەڵکی

﴿ أعظم فتنة وبلاء على الناس ﴾

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**موفتی :** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ أعظم فتنة وبلاء على الناس ﴾

« باللغة الكردية »

إفتاء : فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# گەورەترین بەڵاو فیتنە لەسەر خەڵکی

**پرسیار :** بەڕێزان ئایا گەورەترین فیتنە وبەڵایەك چییە كە بەسەر خەڵكی دێت؟

**وەڵام :** پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرمویت: « مَا بَيْنَ خَلْقِ آدَمَ إِلَى قِيَامِ السَّاعَةِ أَمْرٌ أَكْبَرُ مِنْ الدَّجَّالِ » { رواه مسلم } واتە: لە ئادەم تا قیامەت لە فیتنەی دەجال گەورەترو خراپتر نییە.

دەجال ئادەمیە ولە ئاخر زەماندا دێت، لەنێو چاوانی نووسراوە ( ك ف ر) واتە : كوفر و بێباوەڕی، هەموو موسڵمانێك دەیخوێنێتەوە، چاوێكی كوێرە ـ چاوی لای راستی ـ وەك ترێ هەڵتۆقیوە، لە سەرەتادا وەك پیاوچاك خۆی نیشان دەدات، دواتر ئیدیعا و بانگشەی پێغەمبەرایەتی دەكات و پاشتریش ئیدیعای خوایەتی .

بانگی خەڵكی دەكات كەباوەڕی پێ بكەن، دوای ئەوەی بە درۆی دەخەنەوە، ئەویش دەڕوات بەڵام پارە و ماڵەكەیان دوای دەجال دەكەوێت و خەڵكی بەبێ ماڵ وسامان دەمێننەوە، دواتر هەر دەجال دەچێت بۆ لای قەومێكی ترو بانگیان دەكات و باوەڕی پێدەهێنن و ئەویش فەرمان بە ئاسمان دەكات باران دەبارێت و فەرمان بە زەوی دەكات گیا دەڕوێنێت، كاتێك دێت ئاو و ئاگری لەگەڵدایە و ئاوەكەی ئاگرەو ئاگرەكەی ئاوێكی ساردە، جا لە سەر هەموو موسڵمانێك پێویستە پەنا بگرێت بە خودا لە دوای هەموو نوێژێك ـ دوعایەكی سوننەتە هەیە كە لە دوای تەحیات دەخوێنرێت بۆ ئەوەی خوای گەورە پەنامان بدات لەشەڕ و فیتنە وبەڵاو موصیبەتەكانی ـ هەروەها لەپێناو خۆ پاراستن لەدەجال پێغەمبەری خودا ( صلی الله علیه وسلم ) فێری كردووین كە سەرەتای سورەتی (الكهف)

بخوێنین ئەگەر کەوتینە ئەو زەمانەوە، هەروەها هەوڵی خۆلادان بدات بۆ ئەوەی لە فیتنەی بەدوور بێت، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: « مَنْ سَمِعَ بِالدَّجَّالِ فَلْيَنْأَ عَنْهُ، فَوَ الله إِنَّ الرَّجُلَ لَيَأْتِيهِ وَهُوَ يَحْسِبُ أَنَّهُ مُؤْمِنٌ فَيَتَّبِعَهُ مِمَّا يَبْعَثُ بِهِ مِنْ الشُّبُهَاتِ » { رواه أبوداود } واته: هەرکەس باسی هاتنی دەجالی بیست با خۆی لێ لادات، سوێند بە خوا کەسانێك دەچن بۆ لای ـ ڕەنگە بۆ شەڕکردن بێت ـ وا دەزانن ئیماندارن، بەڵام شوێنی دەکەون بە هۆی ئەو هەموو فرت و فێڵ و شوبهانەی کە هەیەتی.

دەجال (چل) ڕۆژ لەسەر زەوییدا دەمێنێتەوە، ڕۆژی یەکەمی بە ساڵێك، و دووەمی بەمانگێك، وسێیەمی هەفتەیەکەو ڕۆژەکانی تری وەك ڕۆژی ئاسایی وان، هەموو شارو جێگایەکیش دەگەڕێت جگە لە مەککەو مەدینە نەبێت، دوای ئـەوەی حــەزرەتی عیسـی ( علیە السلام ) دادەبەزێت و بەفەرمانی خوای گەورە دەیکوژێت.

وە دەبێت ئەوەش بزانین کە هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە ئیلا قەومی گەلەکەی ترساندوە لەشوێن کەوتنی دەجالی درۆزنی یەکچاو، وەك ئەنەسی کوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت ) فەرموودەیەکی لەپێغەمبەری خوداوە (صلى الله عليه وسلم ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی " ما بُعِث نبيٌّ إلا أنذر أمّـته الأعورَ الكذاب" { رواه البخاري } .

خوای گەورەش لەهەموو کەس زانا و شارەزاترە .